

ئەڵماس مستەفا

ئایا پیاوان عاشق ئەبن!

ئەوان کاتێک عاشق ئەبن! وەک شۆڕەبی بەسەر باڵای رووبارە کچێکدا ئەچەمێننەوە و چی هەست و سۆزیان هەیە ئەیبارێننە سەر جەستەی تینووی رووبارە کچەکە، هەر لەگەڵ شنە بایەکی بێ مروەت هەڵی کرد ئیتر ئەوان تەوەلا ئەبن و دەبنە دارسنەوبەرێکی کەڵەگەت کە دەستی خوازیاری هیچ عاشقێک نەیانگاتێ، وەرزی ئەوان دوورە لە وەرزە سروشتییەکانەوە، عەشقی ئەوان لە سێبەری ئێوارەیەکی درەنگوەختا ئەچێ زوو دەڕوا و بەسەرئەچێ.

ئەوان دڵی ئێستا لە خۆیان ئەرەنجێنن و ئاینده ئاشت دەکەنەوە بۆیە هیچ سروشتێک نزا بۆ بێدارییان ناکا.

لە هزری ئەواندا بێجگە لە ئەندێشە بێ رەنگەکان هیچ خۆزگەیەکی تر لە دڵیاندا ناژی.. هەمیشە سەرزەنشتی ئاو دەکەن چۆن ئەڕوا و ئاورێک لە خولیای ئەوان ناداتەوە، ئەوان تێهزرینیان لە کۆلانەکانی بێدەنگییدا ئەنێژن و ئارامیی نادەنە دڵی ئاوەدانی ئۆغژنێک ..... (با)ش بە دەم رۆیشتنی ژیانەوە خۆی ئەدا بە دڵی لێقەومای خورپەیەکدا و پێی ئەڵێ ئەبێ بمبووری بە شوین پەرتووکی یاداشتەکانی عەشقی پیاواندا وێلم و دەمەوێ بزانم چ هەستێک کڕنۆشی ئەوینی بۆ ئەوان بردوە!؟

هەر لە سەردەمی چاخە بەردینەکانەوە پیاوان بە راوکەر ناسراون، ئەوان بۆیە ناتوانن عاشق بن چونکە هەمیشە لە ململانێ دان لەگەڵ خۆیاندا.. کەی لەگەڵ خۆیان یەکیان گرتەوە بوون بە یەک ئەو کاتە ئەتوانن عاشق بن.